**بەدیاری ناردنی پاکێجەکانی بۆ ئێمە و بۆ هەمووان**

**بەند و مەرجەکان**

1. زاراوەی "بەکارهێنەر- بەکارهێنەرەکان" کە لەم بەند و مەرجانەدا هاتووە مەبەست لێی بەشداربوو/ بەشداربووەکانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵە بۆ پەیوەندییەکان/ پشکی تایبەت.
2. زاراوەی "ئاسیاسێڵ، ئێمە، بۆ ئێمە" کە لەم مەرجانەدا هاتووە مەبەست لێی کۆمپانیای ئاسیاسێل بۆ پەیوەندییەکان / پشکی تایبەت ("کۆمپانیاکە یان ئاسیاسێڵ" ).
3. ئەم بەند و مەرجانەی کە باسکراون سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی پێشکەش کردنی (پاکێجەکانی بۆ ئێمە و بۆ هەمووان )ـەو تیایدا لایەنی یەکەم بە (نێردەر) ئاماژەی پێکراوە وە لایەنی دووەم بە (وەرگر) ئاماژەی پێکراوە.
4. مەبەستمان لە پێشکەش کردنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ ئەوەیە کە بەشداربووە کانمان بتوانن پاکێجەکانی بۆ ئێمە و بۆ هەمووان بکڕن وبە دیاری بینێرن بۆ هاوڕێ و کەسوکاریان لە ناو تۆڕی ئاسیاسێڵ.
5. نێردەردەتوانێت پاکێجەکان بە دیاری بنێرێت لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە #336* یان لە ڕێگای ئەپلیکەیشنی ئاسیاسێڵ یان لەڕێگای ناردنی نامەوە وهەڵبژاردنی ئەو پاکێجەی کە دەیانەوێت بە دیاری بینێرن.

| پاکێجەکان | نرخ | دەقیقە | کورتە نامە | ئینتەرنێت | ماوەی کارایی | شێوازی ناردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆ ئێمە (هەفتانە) | 3,000 دینار هەفتانە | 60 دەقیقە بۆ ناو تۆڕی ئاسیاسێڵ | 15نامە | 100مێگابایت | 7 ڕۆژ | پەیوەندی بکە بە #336* یان ژمارە 9 بنێرە بۆ 336 |
| بۆ هەمووان (مانگانە) | 15,000 دینارمانگانە | 210 دەقیقە بۆ ناو تۆڕی ئاسیاسێڵ و بۆ هەموو تۆڕەکانی تر | 50 نامە | 50 مێگابایت | 30 ڕۆژ | پەیوەندی بکە بە #336* یان ژمارە 10 بنێرە بۆ 336 |
| بۆ ئێمە (مانگانە) | 25,000 دینار مانگانە | 720 دەقیقە بۆ ناو تۆڕی ئاسیاسێڵ | 150 نامە | 500 مێگابایت | 30 ڕۆژ | پەیوەندی بکە بە #336* یان ژمارە 11 بنێرە بۆ 336 |
| بۆ هەمووان (هەفتانە) | 4,000 دینار هەفتانە | 45 دەقیقە بۆ ناو تۆڕی ئاسیاسێڵ و بۆ هەموو تۆڕەکانی تر | | 100 مێگابایت | 7 ڕۆژ | پەیوەندی بکە بە #336* یان ژمارە 12 بنێرە بۆ 336 |
| بۆ هەمووان مانگانە ئێکسترا ئینتەرنێت | 15,000 دینار مانگانە | 240 دەقیقە بۆ ناو تۆڕی ئاسیاسێڵ و بۆ هەموو تۆڕەکانی تر | | 1 گێگابایت | 30 ڕۆژ | پەیوەندی بکە بە #336* یان ژمارە 13 بنێرە بۆ 336 |
| بۆ هەمووان مانگانە ئێکسترا ئینتەرنێت پڵەس | 20,000 دینار مانگانە | 360 دەقیقە بۆ ناو تۆڕی ئاسیاسێڵ و بۆ هەموو تۆڕەکانی تر | | 2 گێگابایت | 30 ڕۆژ | پەیوەندی بکە بە #336* یان ژمارە 14 بنێرە بۆ 336 |

6. پاکێجە نێردراوەکان بە دیاری تەنها بۆ یەک جار بەکاردێت (بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تازە نابێتەوە).
7. کاتێک لایەنی دووەم (وەرگر) پاکێجەکە وەردەگرێت بەدیاری لە لایەنی یەکەم (نێردەر)، لایەنی دووەم ناتوانێت پاکێجەکە دووبارە بە دیاری بنێرێت بۆ کەسێکی تر.

8. بڕی (200 دیناری عێراقی) لە نێردەرەوە دەبرێت بۆ هەرجارێک پاکێجێک بە دیاری دەنێرێت بۆ لایەنی دووەم وە هیچ برە پارەیەک لە لایەنی دووەم نابڕدرێت.
9. نێردەر هیچ برە پارەیەکی لێ نابرێت کاتێک پاکێجێک بەدیاری بنێرێت لە ڕێگای ئەپلیکەیشنی ئاسیاسێڵەوە.
10. بەشداربووە نوێیەکان دەتوانن سوود لەم ئۆفەرە وەرگرن بەمەرجێک دەبێت باڵانسی هێڵەکەیان بە 5,000 دینار پڕبکەنەوە وە دواتر دەتوانن پاکێجەکە بە دیاری بنێرن.
11. نێدەردەتوانێت سێ پاکێج بنێرێت لەمانگێکدا وە کاتێک پاکێجی چوارەم دەنێرێت ئەوا بڕی (1,500 دیناری عێراقی) لێدەبڕدرێت بۆ پاکێجی هەفتانە و (2,500 دیناری عێراقی) لێدەبڕدرێت بۆ پاکێجی مانگانە وهەروەها بڕی (200 دیناری عێراقی) لێدەبڕێت وەکو تێچووی ناردنی پاکێجەکە بە دیاری.
12. هەردوولایەنی نێردەرو وەرگر بە کورتەنامە ئاگاداردەکرێن کاتێک ناردنی پاکێجەکە سەرکەوتوو بێت یان سەرکەوتوو نەبێت.-
13. هەموو هێڵەکانی پریپەید دەتوانن سوود لەم ئۆفەرە وەرگرن.
14. لایەنی وەرگر نامەی پێدەگات ڕۆژێک پێش ئەوەی ماوەی کارایی پاکێجەکە تەواو بێت وە ئەو ڕێکارانەی کە دەبێت بیگرێتە بەر کاتێک پاکێجی بۆ ئێمە و بۆ هەمووان دەکڕێت.
15. دوای تەواو بوونی ماوەی کارایی پاکێجەکە، ئەوا لایەنی وەرگرلە USSD لیستی پاکێجەکان دەبینێت بۆ ئەوەی بتوانێت پاکێجی زیاتر بکڕێت.
16. دەبێت لایەنی وپەرگر (لایەنی دووەم) ئەم مەرجانەی تێدابێت تا بتوانێت پاکێج بەدیاری وەربگرێت:
    - دەبێت هێڵەکە کارا بێت.
    - دەبێت هێڵەکە پریپەید بێت.
    - دەبێت وەرگر هیچ پاکێجێکی نەبێت بەپێی ئەوخشتەیەی کە لە بەندی 5 ئاماژەی پێکراوە.

17. نێردەرنامەی پێ دەگات کاتێک پرۆسەی ناردنی پاکێجەکە سەرکەوتوو نەبێت لەم حاڵەتانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە:
    - لە کاتی نەبوونی بڕی باڵانسی پێویست
    - کاتێک هێڵی نێردەر کارا نەبێت
    - کاتێک هێڵی وەرگر کارا نەبێت
    - کاتێک هەڵەیەك لە لە شێوازی ناردنەکەدا هەبێت
    - کاتێک وەرگر پاکێجی هەبێت
    - ئەگەر هێڵەکە هێڵی پۆستپەید بێت

18. ناردنی پاکێج بە دیاری بەم شێوازانەی خوارەوە دەبێت:
    - لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە #336* USSD
    - لە ڕێگای ناردنی نامە بەم شێوەیە: نامەیەکی تازە بکەرەوە، کۆدی پاکێجەکە لەگەڵ ژمارەی وەرگر بنووسە، دواتر بینێرە بۆ 336

بۆ نموونە: کۆدی پاکێجەکانی بۆ ئێمە و بۆهەمووان+ ژمارەی لایەنی دووەم دواتر بینێرە بۆ 336

- لە ڕێگای ئەپلیکەیشنی ئاسیاسێڵەوە.

19. ئاسیاسێڵ مافی گۆڕین، ڕاگرتن یان هەموارکردنی ئەم خزمەتگوزارییە یان ئۆفەرەی هەیە یان هەر بەندێك لەبەندەکانی ئەم مەرجانە بەبێ گەڕانەوە بۆ لای بەکارهێنەر/بەکارهێنەرەکان. ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانە لەزەرەری بەکارهێنەر بێت، ئەوا ئاسیاسێڵ بەکارهێنەر ئاگاداردەکاتەوە پێش جێبەجێکردنی هەر گۆڕانکارییەك. بەکارهێنەر ئازادە لە بڕیاردان لەنێوان بەردەوامبوون لەبەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە یان بەشداری کردن لەهێڵێکی تردا.
20. ئەم بەند و مەرجانە جێبەجێدەکرێن سەرەڕای بەند و مەرجەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی پریپەید.
21. بۆزانیاری زیاتر دەربارەی مەرجەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانمان، تکایەسەردانی ماڵپەڕی ئاسیاسێڵ بکە: www.asiacell.com
22. بۆ لێکدانەوەی بەند و مەرجەکان کۆپییە عەرەبیەکەی ئەم بەند ومەرجانە بە هەند وەردەگیرێت، وە هەروەها بۆ هەموو مەسەلە یاساییە هاوشێوەکانی تر. ولە کاتی بوونی هەر لێك نەچوونێك لە نێوان ئەو زمانانەی بەکارهاتوون بۆ نوسینی ئەم مەرجانە، پشت بە کۆپیە عەرەبییەکە دەبەسترێت.

23. مەبەستمان لە ووشەی "ڕۆژ" بە پێی کاتی ناوخۆیی عێراق لە کاتژمێر 12:00:00 نیوەشەو (00:00:00) دەبێت هەتا کاتژمێر 11:59:59شەو (23:59:59).

ORIGINAL